# حوكمی بەكرێدانی بەشی شەریكێك بە شەریكەكەی تری خۆی

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2015 - 1436

IslamHouse.com

# حكم تأجير ما يملك بنسبة شائعة في عين للشريك الآخر

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 – 1436

IslamHouse.com

# حوكمی بەكرێدانی بەشی شەریكێک بە شەریكەكەی تری خۆی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار** : ئایا دروستە من ئەو بەشەی خۆم كە ڕێژەكەی نیوەی ئەو موڵكەیە كە شەراكەتی نێوان من وشەریكەكەمە بە ( شیوع ) ، بیدەم بە كرێ بەو شەریكەی خۆم كە ئەویش خاوەنی نیوەكەی ترە، جا ئیتر ئەو موڵكە باڵەخانەیەك بێت، یان دوكانێك یان پاپۆڕێك ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرووود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

دروستە بۆ هەریەك لەو دوو شەریكە كە خاوەنی موڵكێكن و شەراكەتەكەیان لەبەشێكی بەربڵاو ( شائع ) دایە و بەشی

هەرکەیان لەو موڵکەدا دیاری نییە بە ( تەحدید ) کە بووترێت لای ڕاستی دووکانەکان هی فلاّن شەریکە و لای چەپیش هی فلاّن شەریکی تریانە، دروستە هەریەك لەو دوو شەریکە بەشە بەربلاّوەکەی خۆی بدات بەکرێ بە شەریکەکەی خۆی بە مانگانە یان بە سالاّنەبێت، بە کرێ وبۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە هەردوولایان ڕێك بکەون لەسەری، لەم کاتەیشدا دەبێت هەریەك لەو دوو شەریکە بەشەی ئەو موڵکە بەرپرسیار بن لەو خەرجی ومەصاریفەی کە دەکرێت لە موڵکەکەیاندا وەك خەرجی ومەصاریفی چاك کردنەوە وپاراستن لەخراپ بوون بۆ ئەوەی ئەو موڵکە ئەو کەسەی بەکرێی گرتووە بتوانێت سوودی لێ ببینێت، وەك هەموو ماڵێکی تری بەکرێدراو، بۆ نمونە ئەو شەریکەی کە بەشەکەی خۆی داوە بەکرێ بە شەریکەکەی تری دەبێت مەسئول بێت لە خەرج کردن و مەصاریفی بەشەکەی خۆی بۆ ئەوەی شەریکەکەی بتوانێت سوود وەربگرێت لەو بەشەی شەریکەکەی کە بەکرێی گرتووە لێی، نەوەك بڵێت من تەنها ئەوەم لەسەرە کە

کرێی خۆم وەربگرم و ئیتر هیچ پەیوەندیم نییە بە خەرجی و مەصاریفی موڵکەکەوە، چونکە لەکاتێکدا کە موڵکەکە حاڵی حازر هەمووی بەدەستی شەریکەکەی ترەوەیە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت موڵکیەتی نیوەی هەر هی ئەو شەریکەیە کە بەشەکەی خۆی داوە بەکرێ، کەسێکیش کە موڵکی خۆی بدات بە کرێ بەکەسێکی تر دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەو خەرجیانە بگرێتە ئەستۆ کە موڵکەکەی پێویستیەتی بۆ ئەوەی سوودمەند بێت بۆ ئەو کەسەی بەکرێی گرتووە، چونکە بەبێ بوونی ئەو پێیویستیانە موڵکەکە شایانی ئەوە نابێت بدرێت بەکرێ، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك ئۆتۆمبیلێکی دا بەکرێ و مەکینەکەی خراپ بوو بوو، یان تایەی لەژێردا نەبوو، دەبێت خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی بدات بەکرێ مەکینەکەی چاك بکاتەوە و تایەیشی بۆ بکرێت، بەهەمان شێوە خانوویەکیش ئەگەر ئاو وئاوەڕۆی تەواو نەبوو، یان هێڵێ کارەبای بۆ ڕانەکێشرابوو دەبێت خاوەن موڵك ئەو ناتەواویانە تەواو بکات بۆ ئەو کەسەی کە پێی

دەدات بەرکرێ، نەك هەر هێندە دەبێت تەحەمولی صیانە و چاکردنەوەی ساڵانەی ئەو کەلوپەلانەیش بکات کە ووردە ووردە بە تێپەڕ بوونی کات بەرەو لەناوچون و خراپ بوون دەڕۆن، چونکە بەبێ بوونی ئەو چاککردنەوە و خەرجیانە موڵکەکە شایانی ئەوە نییە بدرێت بەکرێ .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : فتاوی ( بیت التمویل الکویتي ) .